# با هەردوو حکومەت هەڵوەشێنینەوە

سامان کەریم



ئەمجارەیان ناڵێین با هەردوو حکومەتی هەرێم یەکبگرنەوە؛ نەخێر با هەردوو ئیدارە لاوازەکەی هەرێمی کوردستان یەك نەگرنەوە، با حکومەت نەبێت بە یەك، با وەزارەتەکانیش تێکەڵ نەکەن؛ ئەمجارەیان دەڵێین: با هەردوو حکومەت نەمێنێت، هەردوو ئیدارە هەڵوەشێننەوە.. کە ئەمەش دەڵێین، خوانەخواستە دژی حکومەت نیم، دووژمنی سەرسەختی کورد نیم، دڵیشم بە گەل و نیشتمانەکەم ئەسووتێت، بەڵام دژی گەندەڵیم، دژی نەزانیم، دژی ئەو کاربەدەستە خراپەکارانەم، کە لەپڕێ بوون بە کوڕێ، دژی هەموو ئەو خەڵکانەم، کە چواردە ساڵە تەراتێن بە خوێنی سەدان هەزار شەهیدەوە دەکەن و سەدان هەزار کاری لابەلاو ناشیرین و ناتەواو و چەوت و خراپ و دزێویان لێ وەشاوەتەوە..

چواردە ساڵە، چواردە هەزار نەخۆشی دەروونیتان تووشی تاکەکانی ئەم وڵاتە کردووە؛ چواردە ساڵە، چواردە هەزار پیاوی خراپ و کاربەدەستی ناموحتەرەمتان پێگەیاندووە.. پێمان بڵێن؛ چواردە ساڵە چیتان کردووە؟! پێمان بڵێن؛ چواردە ساڵە لە دزی و ڕاوڕووت و ئاڕ ئاڕ بترازێ، چی تازەتان بۆمان بەدیاری هێناوە.. پێمان بڵێن؛ چواردە ساڵە کام خەمی گەورەی سەرشانی یەکێك لە تاکەکانی ئەم وڵاتە وێرانبووەتان سووك کردووەتەوە..

نەخێر؛ چواردە ساڵە نەتانتوانیوە دڵی منداڵێکی باوك ئەنفالکراو ئاسوودە بکەن، نەتانتوانیوە دڵنەوایی دایکێکی جگەرسووتاو بکەن، نەتانتوانیوە خەمی ژنی شەهیدێکی هەڵەبجە لەکۆڵ نێن.. نەتانتوانیوە ئەو هەموو ڕۆتینات و گەندەڵی و فەسادی ئیدارییە لەناوبەرن و بنەبڕ بکەن، کە سەراپای دامودەزگاو فەرمانگەکانتانی داپۆشیوە.. ئێوە نەتانتوانیوە گەندەڵچییەك سزا بدەن و پیرە پیاوێکی هەژار دڵخۆش بکەن..

چیتان کردووە؟! ئەوەتا هێشتا منداڵەکانمان هەر لەسەر ئەو سیستمی پەروەردەییە پێدەگەیەنرێن، کە بەعس دایڕشتووەو ئێوە چواردە ساڵە هەر نەتانتوانی بیگۆڕن!

نەتانتوانیوە دڵی دوو گەنج خۆش بکەن و ڕێی پێبگرن، کە وڵات بەجێ نەهێڵێت.. نەتانتوانیوە مافەکانی ژن و ئافرەت لەگەڵ تاکی بەرامبەریدا هاوڕاو یەکسان بکەن.. نەتانتوانیوە خوێندکارو قوتابی لە مەنهەجێکی سەقەت و نابووت قوتار بکەن.. نەتانتوانیوە کرێکاری مافخوراو مافدار بکەن.. نەتانتوانیوە بژێوی ژیانی مامۆستایەك خۆش بکەن.. ئیدی ئێوە چواردە ساڵە چیتان کردووە؟! با نیوەی ئەوەندەی بۆ شەڕو مل یەکتر شکانتان بەفیڕۆدا، بۆ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریتان خەرج کردبایە..

دوای چواردە ساڵ، تازە بەتازە لەبەر نەبوونی تەنها (دەرزییەك)، ژیان لە منداڵێکی نەوەی دواڕۆژی ئەم گەلە دەستێننەوە.. دوای چواردە ساڵ، تازە بەتازە لەپایتەختەکەی وڵاتدا دوو کچ لەبرساندا دەگەنە لێواری مەرگ و

مەسئولە نامەسئولە فایلدارە گەندەڵچییەکانیش مێشێك نابێتە میوانیان!! ئاخر پێم ناڵێن ئیتر ئێوە چیتان کردووە؟!!

نەتانتوانیوە جادەیەکی دوو سایدی موحتەرەم دروست بکەن، نەتانتوانیوە تولە ڕێیەك بۆ ئاواییەك بکەنەوە، نەتانتوانیوە دوو (ڤۆڵتییە) بۆ کارەبا پچڕپچڕەکەتان زیاد بکەن، نەتانتوانیوە دوو (لیتر) ئاو بۆ ماڵێك زیاد بکەن، کە چواردە هاوینە هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە دادو بێدادی بێئاوییانە، نەتانتوانیوە زستانێك بۆ خەڵك گەرم بکەنەوە.. نەخێر ئێوە لە گەندەڵی و خراپەکاری و ناتەواوی زیاتر، هیچتان نەتوانیوەو هیچتان بۆ نەکراوە..

ئێوە وا فێربوون، کە تەنها لەدەمە دەمی هەڵبژاردنە پڕ لە فڕوفێڵ و نادیموکراسییەکانتاندا خەڵکتان بیر بکەوێتەوە، دەنگی هاووڵاتی تەنها لەو کاتانەتاندا ئاییندەیە، ئیدی باقی کاتەکانی ژیان دەنگی ئێمە، نەبیستراو و گوێلێنەگیراو و بێمانایە..

بۆیە، دوای چواردە بەهاری بێ سەوزی، دوای چواردە پاییزی بێ بەروبومی، دوای چواردە هاوینی بێ ئاو و کارەبایی‌و دوای چواردە زستانی ساردو سڕ؛ دەبێ یان بەخۆتاندا بچنەوە، یان بنەو بارگەتان بپێچنەوەو ڕێ بۆ خەڵك چۆڵ بکەن با خۆی فەرمانڕەوای خۆی بێت.. حکومەت و ئیدارەو دیوەخانەکانتان هەڵوەشێننەوەو دەستان لە یەخەی ئەم گەلە بەشمەینەت و هەژارو بێدادە بکەنەوە.